

# حەمە جەزا
# ئەو دەنگەی کە دووبارە نابێتەوە

حەمە جەزا لە گۆرانیی فۆلکلۆر و مەقام گەنجینەیەك بوو کە بە هەستێکی جوان و ئاوازی رەسەنی کوردی پێشکەشی کردووە، بەمەش شوێنی خۆی لە دڵی هەموو لایەکدا کردەوە، بە گۆرانییە نیشتمانی و ئەڤینداری و مەقامەکانی کە زۆر تێیدا سەرکەوتوو بوو، بووە خاوەن پێگەیەکی گەورە لە نێو هونەرمەندانی کوردستاندا، تێکستی چەندین گەورە شاعیری کوردی کردە گۆرانی و ئاوازی بۆ دانان، خۆیشی ژمارەیەکی زۆر تێکستی ئەوینداری و نیشتمانپەروەریی نووسی و بە خۆشترین ئاوازی رەسەنی کوردی رازاندییەوە و گەنجینەی هونەری کوردیی پێ دەوڵەمەند کرد.

جەمال بەرواری

## ژیانی

محەمەد جەزا کە بە حەمە جەزا ناسراوە رۆژی ٣ی شوباتی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی نیشتمانی و ئایینپەروەر لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە بەهرە هونەرییەکانی دەرکەوتن بۆیە ساڵی ١٩٥٨ لە ئاهەنگی ساڵانەی قوتابخانەکان توانیی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لەسەر ئاستی قۆناغی سەرەتایی، هەروەها لە کاتی بەشداری کردنی لەو ئاهەنگە ئایینیانەی کە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی ئەنجام دەدران قەسیدەی ئایینیشی دەگوت، بە تێپەڕبوونی کات بەهرە هونەرییەکانی زیاتر دەرکەوتن تا وای لێهات لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردەوە کرد، لەو رێگایەوە زیاتر چووە نێو قوڵایی گۆرانیی کلاسیکی کوردی و کاریگەر بووە بە هونەرمەندە گەورەکان و بەپێی توانا هەوڵیداوە لەسەر رێباز و رێچکەی هونەرییان بەردەوام بێت، بەڵام روبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆوە و نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات.
لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا ژیانی هاوسەریی پێکهێنا و خێزانێکی درووستکرد کە لە شە منداڵ پێکدێت (دوو کوڕ و چوار کچ)، دواتریش بەردەوام بوو لە کاری هونەری و شان بە شانی چەندین هونەرمەندی دیکە هاوشێوەی ساڵح مەجید و عوسمان عەلی بەشداریی لە چەندین ئاهەنگدا کرد، تا جارێکیان بۆ سازکردنی ئاهەنگێك سەردانی شاری هەولێری کرد، بەڵام ئیدی لەوێ گیرسایەوە و ناوبانگێکی هونەری زۆری پەیدا کرد.
دوای نیشتەجێ بوونی لە هەولێر توانیی بە یارمەتیی چەند هونەرمەندێك یەکەم بەرهەمی گۆرانیی خۆی لە ساڵی ١٩٧١ بڵاو بکاتەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بە هاوکاری موزیسیانان حەسەن خۆشناو و وریا ئەحمەد بوو بە ئەندامی تیپی هونەریی هەولێر، لەو ماوەیەدا ژمارەیەك گۆرانیی تۆمار کرد کە لە تەلەفزیۆن و رادیۆی کوردی پەخش کراو، لە ساڵی ١٩٧٧ بە شێوازێکی هونەریی نوێ کاسێتێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (عەشق و ئازادی) کە لە تێکستەکانی شاعیری گەورە هێمن موکریانی بوو، ئەمەش یەکێك بوو لەو بەرهەمانەی کە ناوبانگێکی زۆری پێ پەیدا کرد و زیاتر چووە نێو قوڵایی مۆسیقا وهونەری کوردییەوە، بەتایبەتی لە گوتنی مەقام، بۆیە چەندین مەقامی زەحمەتی لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا بڵاو کردەوە.
دوای سەرکەوتنی (عەشق و ئازادی) لە هەمان ساڵدا بەرهەمێکی دیکەی بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٧٨ بە هاوکاری لەگەڵ مۆزیسیانی ناسراو و ژەنیاری عود (رزگار خۆشناو) سێ کاسێتی بەدوای یەکدا بڵاوکردەوە، کە سەرکەوتنی بێوێنەیان بەدەستهێنا.
دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ و ئەو زوڵم وزۆردارییەی بەسەر گەلی کوردستاندا هات و ئەو بارودۆخە سیاسییە نالەبارەی کە لە کوردستان هاتە ئاراوە، ئەمانە هیچیان نەبوونە هۆکاری ئەوەی کە حەمە جەزا لە هونەر دووربکەوێتەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لە هونەر و گۆرانی گوتن و چەندین گۆرانی و سرودی پێشکەش کرد و هانی خەڵکیدا کە بێ ئومێد نەبن. لە دوای راپەرینی پیرۆزی گەلی کوردستان گەڕایەوە و رۆژی ١٩٩١/١٠/٣ لە یانەی مامۆستایانی شار هەولێر ئاهەنگێکی گەورەی ساز، بەڵام دواتر ناچار بوو کە وڵات جێبهێڵێ و رووی لە وڵاتی دانیمارك کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو.
لە هەندەرانیش حەمە جەزای هونەرمەند لە کاری هونەری بەردەوام بوو و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا چەندین ئاهەنگی ساز کرد، هەروەها بەشداریی لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا کرد و ماوە ماوە سەردانی کوردستانی دەکردەوە چەندین ئاهەنگیشی ساز کرد، بەڵام بە هۆی خۆشەویستیی بۆ کوردستان، بڕیاریدا بە یەکجاری بگەڕێتەوە شاری سلێمانی. رۆژی ٢٦-١٠-٢٠٠٩ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەخت وەك پێزانینێك بۆ خەبات و خزمەتی بەردەوامی بە هونەری رەسەنی کوردی مەراسیمێکی شایستەی رێزلێنانی بۆ ساز کرد.
حەمە جەزای هونەرمەند رۆژانی کۆتایی تەمەنی خۆیی تەرخان کرد بۆ هونەر و ئەدەب و سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعرێکی تایبەتی خۆی بوو، بەڵام بەداخەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنی، توانیی ماوەی سێ ساڵ خۆراگر بێ بەرامبەر بە نەخۆشی، بەڵام رۆژی ٢٠١٠/١٠/١ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچ دوایی کرد و لە گردی سەیوان بۆ هەتاهەتایە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەوادارانی بەخاك سپێردرا، دوای ئەوەی تەمەنی خۆی لەپێناو کوردستان و هونەری رەسەنی کوردی بەسەر برد، لە دوای خۆیشی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە گۆرانی و ئاواز و سروودی شۆڕشگێڕی بۆ خۆشەویستی وڵات و پێشمەرگە و ئازادی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو جێهێشت.



## دوای مردنیش

سردیڤیی خانمە ئەکتەری کۆچکردووی بۆلیۆد کە یەکێك بوو لەو ئەکتەرانەی لە سەرتاسەری جیهان خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، بەم دواییە فیلمێکی بە ناوی (Mom) لە وڵاتی چین نمایش کرا و لە یەکەم رۆژی نمایشیدا توانیی لە رووی بینین و جەماوەرییەوە سەرکەوتنێکی بێ وێنە بەدەست بهێنێت.

چین یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئێستاش سردیڤی تێیدا جەماوەرێکی زۆری هەیە، بە بۆنەی سەرکەوتنی فیلمەکە باڵیۆزخانەی هیندستان لە چین ئاهەنگێکی

## جۆنی دیب: هاوسەرەکەم دەستـ

ئەستێرەی سینەمایی ناسراو (جۆنی دیب) چەند بەڵگەیەکی پێشکەش بە دادگا کرد کە دەیسەلمێنێت، کاتێك لەژێر کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکاندا بووە، لەلایەن ئەمبر هیردی هاوسەری پێشوویەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری، هەروەها مامەڵەی نەشیاویشی لەگەڵدا کردووە.

لە هەمان کاتدا جۆنی دیب وەك قەرەبوو داوای بڕی (٥٠) ملیۆن دۆلار دەکات لە بەرامبەر ئەو زیانانەی بەری کەوتووە، دوای سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییە بەتایبەتی ئەوەی کاریگەریی لەسەر ناوبانگی هەبووە، ئەمبر هیردی هەموو تۆمەتەکانی هاوسەرەکەی پێشووی رەتکردەوە گوایە دەستدرێژی کردۆتە سەری و توندوتیژیی بەرامبەری بەکارهێناوە، بۆیە چەندین بەڵگەی پیشکەش بە دادگا کرد کە تێیدا هاوسەرەکەی بە ناوزڕاندن تۆمەتبار دەکات، گوایە جۆنی دیب دەموچاوی خۆی رەنگ کردووە بۆ ئەوەی وا نیشان بدات کە من لێمداوە، دیب ئەوەشی دووپاتکردەوە کە لە ساڵی ٢٠١٦وە گشت تۆمەتەکانی هیرد رەت دەکاتەوە، چونکە پێیوایە دوورن لە راستییەوە و تەنیا مەبەستی ناوزڕاندنیەتی، بەڵام



## جۆلـ

خانمە ئەکتەری ئەمریکی جۆلیان مۆر رایگەیاند کە تووشبوونی یەکێك لە هاوڕێکانی بە نەخۆشی ئایدز پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی یارمەتی ریکلام کردن بدات بۆ فیلمی دیکیۆمنتاری (B5) کە باس لە چەند کەسێکی نەناسراو دەکات، کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو خزمەتی تووشبووانی ئایدزیان کردووە.

ئەو فیلمە لە هەفتەی یەکەمی دوایین خولی فیستیڤاڵی کاندا نمایش کرا، باس لە یەکەیەکی تایبەتی نەخۆشخانەی سان فرانسیسکۆ دەکات کە

## ـــــــی سردیڤی لە سەرکەوتنەکانی بەردەوامە

ساز کرد و بەشێکی زۆری هەوادارانی سردیڤی لە چین و شوێنەکانی دیکە بانگهێشت کران و تێیدا تیشك خرایە سەر چەند لایەنێکی ژیانی سردیڤی، بەتایبەتی ئەو کارە هونەرییانەی شان بە شانەی ئەکتەرە ناسراوەکانی بۆلیۆد بەشداریی تێدا کردوون.

هەر سەبارەت بە فیلمی (Mom) راپۆرترتەکان رایانگەیاند: رۆژ بە رۆژ لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و لە دوایین ئاماردا لە رووی داهاتەوە توانی (١٢) ملیۆن دۆلار تێپەڕێنێت، کە لە رۆژی ٢٠١٩/٥/١٥ لە چین دەست بە نمایشی کراوە، فیلمەکە بەر لە دوو ساڵ بەرهەمهاتووە و تێیدا سردیڤی رۆڵی دایکێکی ئازا دەبینێت، کە هەوڵدەدات تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە دەستدرێژیی سێکسیان کردە سەر کچەکەی.

لەلایەکی دیکەوە توێژەر و شرۆڤەکاری بازرگانی (تاران ئەدارش) رایگەیاند: پێشبینی دەکرێ کە زۆر بە ئاسانی داهاتی فیلمەکە سنووری (١٥) ملیۆن دۆلار ببەزێنێت.



## ـــــــدرێژی کردە سەرم


ئیریك جۆرجی پارێزەری هیرد گشت ئەو تۆمەتانەی دیبی رەتکردەوە و گوتی بەڵگەکانی کەیسەکە روون و ئاشکران کە جۆنی دیب توندوتیژی بەکارهێناوە دژی ئەمبر و ئەم کارەش چەندین جار دووبارە بۆتەوە.

جۆنی دیب لە بارەی کەیسەکە زیاتر وتی: ئەمبر هاتە دادگا بۆ ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی منی دەستکەوێت و زیرەکانە دەموچاوی خۆی وا لێکردبوو گوایە من لێمداوە، بەڵام تا لە ژیان مابم ئەوە رەت دەکەمەوە، چونکە من لە خاتوو ئەمبر و هیچ ئافرەتێکی دیکەم نەداوە،ئەمبر تاوانبار بوو و منیش قوربانی، چونکە کاتێك هەندێك دەرمانی رێگا پێدراوی لەگەڵ چەند دەرمانێکی رێگا پێنەدراو و کهول تێکەڵ کرد، چەندین رەفتاری توند و سەیری دژی من ئەنجامدا، کە هەندێك جار زیانی جەستەییشی پێگەیاندووم.

## ـــــــیان مۆر دژی ئایدز دەوەستێتەوە

یەکەم یەکەی تایبمەندە بە چاودێریکردنی تووشبووانی ئایدز لە ئەمریکا، سەبارەت بە بەشداریکردنی لە ریکلامی ئەو فیلمە، جۆلیان وتی: راستەوخۆ دوای ئەوەی خوێندنی کۆلێژم تەواو کرد، هاوڕێیەکی زۆر ئازیز و خۆشەویستم بە نەخۆشیی ئایدز لە دەستدا، ئەم هاوڕێیەم لە ساڵی ١٩٨٤ گیانی لە دەستدا، بەڵام دوای ساڵێك بۆم دەرکەوت کە چەند هاوڕێیەکی دیکەشم تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو کە لە نەخۆشخانەیەکی نیۆیۆرك خۆم لە نزیکەوە چاودێریی کەسێکی تووش بوو بەم نەخۆشییە بکەم کە رێگا بە کەسوکار و هاوڕێیانی نەخۆش دەدەن بەشداری بکەن لە چاودێری کردنی.

جۆلیانی تەمەن ٥٨ ساڵ ئەوەشی ئاشکرا کرد کە سەیری فیلمەکەی کرد، بابەت و چیرۆکەکەی کە باس لە چەند پەرستارێك دەکەن، کاریگەریی زۆریان لەسەری هەبوو، چونکە دوای زیادبوونی ژمارەی تووشبووان لە ئەمریکا، ژمارەیەك پەرستار وەك دەربڕینی بیزاریی خۆیان بەرامبەر بە چەند کەسێك بڕیاریانداوە سەنتەرێك دابمەزرێنن، کە ئەو کات هیچ هاوسۆزییەکیان بەرامبەر بە تووشبووانی ئایدز نەبوو.






# سستاتیکای گوڵ

با بێینە سەر دیوی ستاتیکای گوڵ. هێندەی من سەرنجم دا بێت، هیچ مرۆڤێك نییە، بە حەز و خولیایەكی زۆرەوە تەماشای گوڵ نەكات. سیحری جوانیی گوڵ، ناسكیی پەڕە و ئەندازەی شێوەكەی، ڕەنگی لە ژماردن نەهاتووی، ئەمانە چاوگی جوانییەكی لەبن نەهاتوون. بڕێكی زۆری گوڵیش، بۆن و بەرامی خۆش و هەست بزوێنیان هەیە،پەڕەی ناسك و سەرنج ڕاكێشی گوڵ، هەموو ئەمانە بەشێكن لە جوانیی گوڵ، كە وا دەكات هەموو مرۆڤێك بە شەوقێكی زۆرەوە بڕوانێتە گوڵ، لەگەڵ هەر سەرنجێكی لە گوڵ بدرێت، دڵ و دەروون دەكاتەوە، خۆشییەك بە جەستە و فەرامۆشییەك بە دەروون و ڕۆحی مرۆڤ دەدات. گوڵ وەك فیگەر و بەها و جوانی، بە درێژایی مێژووی هونەری شێوەكاری، هەردەم لە نێو كاری هونەریدا، بە تایبەتی لە هونەری نیگار و سیرامیك و پەیكەردا، ئامادە بووە. لە گۆشەی ئەو ڕایەڵە دەروونییەی وابەستە بە جوانییەكی قووڵە، هەردەم مرۆڤ و گوڵ لە پەیوەندییەكی دۆستایەتیدان، ڕاستە ئێمە زمانی گوڵمان پێ ناخوێندرێتەوە، بە تەواوی پەی بە ڕازی پەنهانی نابەین، بەڵام داستانی بەرزی عیشق و ئەڤینی بۆ دەهۆنینەوە، هەر ئەمەش وای كردووە مرۆڤ شەیدای زمانی گوڵ بێت، یان زمانی خۆی بخاتە سەر ساز و نەزمی گوڵ، ئەو زمانەی لە ڕواڵەت و شێوە و ڕەنگ و بۆنی گوڵدا، خۆڕسكانە خۆی دەنوێنێ، ئێمەش بە هەستی جوانخوازانەی خۆمان دۆستایەتیی ئاشكرای خۆمان بۆ گوڵ ڕادەگەیەنین، ناوماڵ و سەر مێز، باخچە و شەقامی پێ دەڕازێنینەوە، هەندێك جار خۆشەویستمان بۆ گوڵ، وا دەكات پەلە لە مەرگی بكەین، بەر لە وادەی وەرینی جوانەمەرگی دەكەین.

عەبدوسەلام عەبدوڵای نیگاركێش لە دوایین پیشانگای خۆی لە گەلەریی مۆزەخانەی نیشتیمانیی ئەمنە سوورەكە لە سلێمانی، لە نێو ستاتیكای گوڵدا گەشتێكی گەورەی كردووە، لەو گەشتەدا هەست و چاوی جوان دۆستانەی خۆی خستوونەتە گەڕ، بۆ ئەوەی زۆر بە وردی بە جوانیی گوڵ لە ڕووی ڕەنگ و شێوە و پێكهاتە و ئەندازەی پەڕە و گەڵایەوە،دەروونی خۆی پاراو و ئێمەش ئاشنا بكات.

عەبدوسەلام عەبدوڵا وەك نیگاركێشێكی گوڵناس،





**گوڵ کرۆك و دەسپێکی ژیانە. سەرچاوەی ئەم قسە و پەندە چرۆ دەیگێڕێتەوە. ژیانی زیندەوەران، لە مرۆڤەوە بیگرە تا دەگاتە ئەمبیا، پشت بە رووەك دەبەستێت، بەروبوومی هەموو رووەکێکیش لە گوڵەوە دەرسکێت. هەموو دار و درەختێك، میوەکەی لە بنەڕەتدا گوڵە. هەنگوین، ئەو خۆراکە زێڕینەی شیرین دەرمان و خۆراکیشە، مێش هەنگ لە شیلەی گوڵ را، هەڵی دەهێنجێت و دەی چنێتەوە. گوڵ سەرچاوەی هەموو توخم و رەگەزێکی دنیای رووەك، هەروەها دار و درەختە.**

**تاریق کارێزی**

بانگی بینەری بەرهەمەکانی دەکات بە وردی و رامانەوە سەرنج لە ستاتیکای گوڵ بدەن. تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە تەژین لە هەستی خۆشی و شادی، مرۆڤ دەبەنە نێو دەریای فرە رەنگ و هەمەڕەنگ، لە شێوە و پێکهاتەی ئاوێتە بە جوانی و لە بن نەهاتووی گوڵ و گوڵزار. گوڵ لە لای ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی بووەتە بابەتێکی بنەڕەتیی ژیان، تابلۆکانی لایەنگیرییەکی ئاشکرای خۆیان بۆ جوانییەکی نەبڕاوە راگەیاندووە. تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە هی ئەوەن لە هەموو جێ و شوێنێکی ژینگەی مرۆییماندا هەبێت، ژیانی تێك چڕژاوی پڕ لە هەراسانی و ژاوە ژاوی ئەم سەردەمە، مرۆڤ شەکەت دەکات، تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە گوتارێکی هێندە ناسکیان تێدا گەلاڵە بووە، دەکرێ بۆ هەر کەسێکی سەرنجیان بداتێ،مایەی حەسانەوە و پشوو بن. گوڵی نێو تابلۆکانی عەبدوسەلام عەبدولا، وەرین نازانن، چوار وەرزەی ساڵ گەش و رەونقەدارن.

هونەری فۆتۆگراف، هەرچەندە ئاستی تەکنیکی بەرز و کارامەیی وێنەگرەکەش بالا بێت، هەرگیز وێنەی گوڵ و گوڵزار، لە پیشاندان و نواندی سیحری راستەقینەی جوانیی گوڵ، ناگاتە تابلۆیەکی گوڵ و گوڵزار. وێنە لە رێی میکانیزمی کاری ئامێرەوە دەگیرێت، تابلۆ بە دەست و هەست و خرۆشان و دیدی نیگارکێش دەکێشرێت. هەر بۆیە وێنەی گوڵ، بە جار و دوو جار لە تەماشاکردنی تێر دەبیت، بەڵام تابلۆیەکی گوڵ کە تەژییە لە هەستی جوانچن و جوانخواز و جوان دۆستانەی هونەرمەند، هەر کاتێك بینەر لێ بڕوانێت، باوەکوو بۆ هەزارەمین جاریشی بێت، هەر نوێ و پڕ هەست و خرۆشان دێتە بەر دیدەی. ئەمەیە سیحری هونەر.

ئەم هونەرمەندە کارێکی چاکی کردووە، کە خۆی بۆ نیگاری گوڵ تەرخان کردووە، بە راستی لەم رۆژگارە جەنجاڵەدا، مرۆڤ ئەگەر بۆ گەشت و سەیرانیش بچێتە باوەشی سروست، ناپەرژێتە سەر ئەوەی بە وردی لە جوانیی گوڵ رامێنێت، کەواتە جوانییەکی سروشتی هەیە و مرۆڤ پەی پێ نابات، ئەوە دەست و پەنجەی کارامەی نیگارکێشێکی وەك عەبدوسەلام عەبدولایە، کە بە رۆح و کرۆکی جوانیی گوڵ لە رووی شێوە و ئەندازە و رەنگ و پێکهاتەوە، ئاشنامان دەکات.